کوردستان... نرخی مریشك دابەزی

ئەمڕۆ سێشەممە، سەرۆکی کۆمەڵەی کێڵگەپەلەوەرییەکان رایگەیاند، نرخی مریشك دابەزینی زیاتری بەخۆوە بینیوە و یەك کیلۆ مریشك بە هەزار و 900 دینارە.

نازم عەبدوڵا، سەرۆکی کۆمەڵەی کێڵگەپەلەوەرییەکان لە لێدوانێکیدا رایگەیاند، نرخی یەك کیلۆ مریشك لە کێڵگە پەلەوەرییەکان بە هەزار و 900 دینارە و هۆکارەکەشی پەیوەندی بە خواست و خستنەڕووەوە هەیە.

ئاماژەی بەوەشکرد، بەهۆی دابەزینی نرخەکەیەوە، خاوەنی کێڵگەپەلەوەرییەکان لە زەرەردان و یەك کیلۆ مریشك 2500 دینار لەسەر خاوەنی کێڵگەپەلەوەرییەکان دەکەوێت.